# لەیلا زانای تێکۆشەر لە ئازادیدا

## ڕاگەیاندنێکی ڕۆژنامەگەری لە لایەن بزووتنەوەی ژنانی کورد دژ بە توندوتیژی (کواک)

بە بۆنەی ئازادبوونی لەیلا زانا وە کواک گەرمترین پیرۆزبایی لە سەرجەم نەتەوەی کورد و ژنانی کورد دەکات. لەم بۆنە تایبەتەدا هاوبەشی گەرمی خۆشی و ئازادیی خیزانی لەیلا و منداڵەکانی دەکەین.

هەواڵی ئازادبوونی لەیلا زانای تێکۆشەر و هاوڕێکانی کە لە ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوودا ڕاگەیەنرا مایەی خۆشی و سەرفرازییەکی گەورەیە بۆ ژنی کورد و سەرجەم ئازادیخوازانی نەتەوەی کورد.

لەیلا زانا کە لە لایەن پەرلەمانی ئەورووپییەوە خەڵاتی مافی مرۆڤی پێبەخشراوە و بە یەکێک لە هەرە بەناوبانگترین داکۆکیکەرانی ماف و ئازادی مرۆڤی کورد ناسراوە، ئیمڕۆ بۆتە سیمبۆلێک بۆ تەواوی نەتەوەی کورد و ژنانی کورد بەتایبەتی. لەیلا زانا زیاتر لە 20 ساڵە خەبات دەکات بۆ ئازادی و ئاشتی و بەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی نەتەوەی کورد لە تورکیادا. شایانی باسە خاتوو لەیلای قارەمان یەکەم پەرلەمەنتێر بووە لە مێژووی دەوڵەتی تورکیادا کە لە پەرلەماندا بوێرانە بە کوردی سوێندی یاسایی خوارد و داوای ئاشتی و یەکسانی بۆ گەلی کورد کرد. لەبەر هەڵوێستی بوێرانە و مرۆڤپەروەرانەی، لەیلا زانا لە لایەن دەوڵەتی تورکیەوە تاوانبار کرا و خرایە ناو لیستی "تێرۆریستانەوە" ، دواتر، لەیلا زانا و چەند هاوڕێیەکی لە لایەن پۆلیسی تورکییەوە گیران و ستاتوی ئەندامیەتی پەرلەمانیان لێ سەندرایەوە و خرانە زیندانەوە. لە ساڵی 1994 دا، لە لایەن دادگای عەسکەرتاری تۆرکییەوە لەیلا و هاوڕێکانی فەرمانی 15 ساڵ زیندانیان بەسەردا درا.

لە ووتەیەکی کورت کە دوای ئازادبوونی ڕایگەیاند، لەیلا زانا پەیامی ئاشتی دووپاتکردەوە و داوای کردنەوەی لاپەڕەیەکی نوێی کرد لە مێژووی پەیوەندیی نەتەوەی کورد و تورکدا. شایانی باسە هەر دوای ئازادبوونیان، لەیلا و هاوڕێکانی لە لایەن وەزیری دەرەوەی تورکی عەبدوللا گوڵ پێشوازییان لێکرا.

ژنانی کورد کە دواتر بزووتنەوەی کواک یان خستە سەرپێ، ڕۆڵیکی چالاکیان هەبوو لە هۆشیارکردنەوەی رای گشتی جیهانی دەربارەی زیندانیکردنی لەیلا زانا و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە تورکیادا. زۆر لە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و مافەکانی ژنان لە فەڕەنسا

و بەریتانیا لەسەر داخوازی ئەندامانی کواک لە دادگاییکردنەکەی لەیلا و هاوڕێکانی لە ساڵی 1994 دا ئامادەبوون.  ئەم ئامادەبوونە و هۆشیارکردنەوە جیهانییە، کاریگەری هەبوو لەسەر رزگارکردنی ژیانی ناوبراوان لە سزای مەرگ و ناساندنی مەسەلەی کوردی تورکیا بە جیهان.

ئازادبوونی لەیلا زانا ووزە و گوڕێکی گەورە بە میللەتی کورد و ژنانی کورد دەبەخشێت لە بەردەوامیدان بە خەبات و چالاکیەکانمان بۆ بەدەستهێنانی مافە رەواکانی کورد و رێزلێنان لە ماف و ئازادیەکانی ژنانی کورد لە هەمو پارچەکانی کوردستاندا.

بزووتنەوەی ژنانی کورد دژ بە توندوتیژی (KWAHK)
(Kurdish Women Action against Honour Killing)

10/ 06/ 2004

www.kurdistannet.org